بەردەوام دەبین لە دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست و چاودێری کۆمەڵایەتی بە مندالانی عێراق

سەرۆک وەزیرانی عێراق، مەحەمەد شیاع سودانی ئەمڕۆ شەممە جەختی لە بەردەوامبوونی دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست و چاودێری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی یەکخراو بە منداڵانی عێراق کردەوە.

سودانی لە نوسراوێکدا کە لە تێبینی کۆمەڵایەتی ئێکس بڵاویکردووتەوە دەڵێت، "لە ڕێگای منداڵانی عێراقدا، جەخت لە بەردەوامبوونی دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست و چاودێری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی یەکخراو بە منداڵەکانمان دەکەینەوە لەسەر بنەمای بەها شارستانی و مرۆییەکانمان و کە لەگەڵ دەستوور و یاساکان بگونجێت".

سەرۆک وەزیرانی عێراق وتیشی: "بەردەوام دەبین لە پشتیوانیکردنی هەموو هەوڵەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و بەرنامە کولتوورییەکان بۆ ئامانجی گرنگیدان بە منداڵەکانمان و ئامادەکردنیان بۆ ئایندەیەکی باشتر، چونکە ئەوان مسۆگەری عێراقن بۆ داهاتوویەکی خۆشگوزەران".